گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper2

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 01/10/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 01/12/2024
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# بەرکەوتنی وەرگر بە هەواڵی چەواشە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا و کاردانەوەیان بەرامبەری (توێژینەوەیەکی ڕوپێوییە)

**بەنازحەمەڕەشید حسن[1] - ڕۆزە حمەوەیس حەمەمیرزا[2]**

Banaz.Hassan@univsul.edu.iq- Roza.merza@univsul.edu.iq

[1+2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەرکەوتنی وەرگر بە هەواڵی چەواشە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا و کاردانەوەیان بەرامبەری) توێژینەوەیەکی ڕوپێوییە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ڕادەی بەرکەوتنی وەرگر بە هەواڵی چەواشەو کاردانەوەی وەرگر بەرامبەری لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا و زانینی جۆرەکانی هەواڵی چەواشە، میتۆدی ڕوپێوی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپێوی وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی زانکۆ و هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا لە ڕاگەیاندندا، سامپڵی (مشتی) توێژینەوەکە، مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی کە خاوەنی بڕوانامەی باڵان لە ڕاگەیاندندا کە (١٠٠) کەس وەرگیراوە، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە، مشتی توێژینەوەکە پێیانوایە ڕێژەیەکی زۆر هەواڵی چەواشە لە ناو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا بڵاودەکرێتەوە، هۆکاری بونی هەواڵی چەواشە بۆ زۆربونی ڕێژەی بینین و لایککردنی پێگەکان و بۆ دورخستنەوەی چاوی وەرگرە لەبابەتی سەرەکی ڕۆژ، لەجۆرەکانیشی نەگونجاندنی ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا، لەکاتی بونی تەنگژەی سیاسی و هەڵمەتی هەڵبژاردندا هەواڵی چەواشە زۆرە، مشتی توێژینەوەکە پێیانوایە بەهۆی هەواڵی چەواشەوە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری دروست دەبێت و ئەمەش وایلێدەکات کە ئیتر ئەو پێگانە بەکارنەهێنن و پشتی پێنەبەستن، دواتریش چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەک دەخەنەڕو.

**کلیلە وشەکان:** بەرکەوتن، هەواڵی چەواشە، وەرگر، پێگە ئەلکترۆنیەکوردییەکان

# Recipient Exposure to Fake News on Kurdish Websites and Their Reaction to

# It is a survey study

Banaz HamaRashid hassan[1] - Roza hamaweass Hama mermaid[2]

[1+2]Department of Media, college of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study titled (Recipient Exposure to Fake News on Kurdish Websites and Their Reaction to It), this study employs survey research, the main objective of the study is to examine the extent of recipients' exposure to fake news on Kurdish websites and to analyze their reactions to it, as well as to identify the types of fake news encountered, a survey questionnaire was used as the primary tool for data collection. The research population and sample consists of university lecturers and individuals with advanced degrees in media studies, the sample comprises 100 participants, all of whom are media department lecturers or holders of higher degrees in media, the key findings of the study reveal that the sample perceives a significant amount of fake news on Kurdish websites, they attribute this to an effort to increase website traffic through views and likes, as well as to divert the audience's attention away from critical current events. Among the types of fake news, the inconsistency between headlines and article content is particularly noted. The study also finds that fake news tends to spike during political crises and election campaigns. Participants expressed concern that fake news leads to confusion and instability, causing them to lose trust in these websites, the researchers also provide several recommendations.

**Keyword**: Exposure, Fake news, Audience, Websites

## پێشەکی:

لە ئێستادا بەهۆی بونی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو سەرهەڵدانی میدیای نوێ و سەرهەڵدانی پێگەی ئەلکترۆنی، بڵاوبونەوەی بەلێشاوی زانیاری و هەواڵەکان لە ڕێی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە خێراترو ئاسانتربوە، بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی زانیاری وهەواڵی چەواشە، ڕۆژانە وەرگر ڕوبەڕوی ئەم جۆرە هەواڵانە دەبێتەوە، ئەگەرچی هەواڵی چەواشە ڕەهەندێکی مێژویی هەیە و نوێ نیە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیاو چەندین تەکنیکی نوێ زۆرترو خێراتر بوە و شێوازەکەشی گۆڕاوە، زۆرجار ئەمەش وادەکات وەرگر متمانەی بە هەواڵە ڕاستەکەش نەبێت، هەرچەندە ئەم بابەتە نوێ نییە، بەڵام لەڕوی ئەکادیمییەوە زۆر کەم کاری لەسەرکراوەو کەمترین توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە، لەکوردستانیشدا بەهۆی بونی ژمارەیەکی زۆری ماڵپەرو پێگەی ئەلکترۆنی کوردی، لەم جۆرە هەواڵانە دەبینرێت، جا هۆکارەکانی بونی ململانێی حزبی یان زۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکان یان هەرمەبەستێکی دیکە بێت، ئەوا دواجار هەواڵی چەواشە بونی هەیە، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەم پرسە گرنگەو پێویستە، چونکە دواجار ئەو هەواڵە چەواشەکاریانە لەناو کۆمەڵدا بڵاودەبێتەوەو لەلایەن وەرگرەوە دەبینرێت و دەبیسترێت و دواتریش کاردانەوەی دەبێت،

بۆیە پێویستە وەرگر بەئاگاییەوە مامەڵە بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هەواڵانە و ئاشنابێت بە فێربونی چۆنێتی مامەڵەکردن بەرامبەری، توێژەرانیش بەگرنگیان زانی کار لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەن، کێشەی توێژینەوەکەش لەو چوارچێوەیەدایە و پرسیاری سەرەکی توێژەرانیش ئەوەیە کە، تاچەند بەرکەوتن بە هەواڵی چەواشە لەپێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا هەیە و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئامانجی سەرەکیش بریتییە لە: دەرخستنی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوە بە هەواڵی چەواشە، و زانینی کاردانەوەیە بەرامبەری، توێژەران هەوڵ بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە دەدەن، ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆمەڵ گرنگە، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ بەرکەوتنیان بە هەواڵی چەواشە دەبێت هەر کاردانەوەیەکیش ڕوبدات بۆ تاکەکانی کۆمەڵە، هەروەها خودی بابەتەکە گرنگە، لەبەر تازەیی بابەتەکەو کەمی توێژینەوەی زانستی لەسەری دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی، ئەم توێژینەوەیە لە (٣) بەش پێکدێت بەشی یەکەم بریتییە لە میتۆدنامە، بەشی دوەم بریتییە لە تیۆرینامەکە تیایدا بەوردی باس لە هەواڵی چەواشەکراوە هەرچی بەشی سییەم بریتییە لە بەشی کرداری توێژینەوەکە، کە داتاو زانیارییەکان لە خشتەدا دەخرێتەڕو، دواتریش دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان دەخرێتەڕو.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامە

١-کێشەی توێژینەوە: بێگومان لەمڕۆدا بەهۆی بونی بەلێشاو زانیاری و هەواڵەکان لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە، تاک ڕۆژانە بەر ئەم زانیارییانە دەکەوێت، بۆیە توێژەران ئەم بابەتەیان بەگرنگزانی بۆ کارکردن لەسەری، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیەش لەو چوارچێوەیە دایە و پرسیاری سەرەکی توێژەرانیش ئەوەیە کە، تاچەند بەرکەوتن بە هەواڵی چەواشە لەپێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا هەیە و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، توێژەران دەیانەوێت لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بزانن:

١-ئاستی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بەبەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان چەندە؟

٢-ئاستی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە هەواڵی چەواشە چەندە؟

٣- ئەو پاڵنەرانەی وا لەپێگە ئەلکترۆنییەکان دەکات هەواڵی چەواشە بڵاوبکەنەوە چین؟

٤- جۆرەکانی هەواڵی چەواشە چین؟

٥- کاردانەوەی مشتی توێژینەوەکە لەبەرامبەر هەواڵی چەواشە چییە؟

### ٢-گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی خودی بابەتەکەوەیە کە، باس لە هەواڵی چەواشە لەپێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا دەکات، بەهۆی تازەیی بابەتەکە و کەمی ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەری لەڕوی ئەکادیمییەوە وەک سەرچاوەی زانیاری گرنگە، بۆ کۆمەڵیش گرنگە، چونکە دواجار تاکەکانی کۆمەڵن بەر هەواڵ و زانیاری چەواشە دەکەون، بۆیە خۆپاراستن لە لێکەوتەکانی و زانینی چۆنێتی مامەڵەکردن بەرامبەر بەو لێشاوە هەواڵ و زانیارییانەی کە ڕۆژانە لەڕێی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانەوە دەبینرێن و دەبیسترێن گرنگە.

### ٣-ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەیە بە هەواڵی چەواشە، و زانینی کاردانەوەیە بەرامبەری، توێژەران هەوڵ بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە دەدەن، بۆیە توێژەران چەند ئامانجێکیان داناوە بۆئەوەی لەکۆتایی توێژینەوەکەدا پێی بگەن، کە ئەوانیش بریتین لە:

١-زانینی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوە بە پێگە ئەلکترۆنییەکان بەپێی ڕەگەزو بڕوانامە.

٢-دەرخستنی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە هەواڵی چەواشە.

٣-ئاشکراکردنی جۆرەکانی هەواڵی چەواشە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان.

٤-زانینی هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان.

٥-خستنەڕوی کاردانەوەی مشتی توێژینەوە بە هەواڵی چەواشە.

**٤-ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی جۆری وەسفی ڕێبازی ڕوپێوی بەکارهاتوە، لەبەرئەوەی گونجاوترین ڕێبازە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لە مشتی توێژینەوەکە.

٥-کۆمەڵ و مشتی توێژینەوە: کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە کە بریتییە لە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لەبەرئەوەی ئەوان زانینیان بەرامبەر بە هەواڵی چەواشە هەیە، بەڵام مامۆستایان بەپێی پێویست وەڵامی فۆڕمەکەیان نەدایەوە، بۆیە توێژەران پەنایان بۆ هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە ڕاگەیاندندا برد، بۆیە مشتی توێژینەوەکە (١٠٠) کەسن.

**٦-ئامرازی توێژینەوە:** توێژەران ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی ئەلکترۆنی بەکارهێنا، بەهۆکاری دوری شوێنی زۆر لە ئەندامانی مشتی توێژینەوەکە هەروەها ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لە مشتی توێینەوەکە.

**٧-سنوری توێژینەوە:** سنوری شوێن:هەرێمی کوردستان- عێراق

-سنوری کات: ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە (١٠\٦\ ٢٠٢٤) بۆ (١\١٠\ ٢٠٢٤).

-سنوری مرۆیی: مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن و خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵا لە ڕاگەیاندندا.

٨-**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:** بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی بۆ برگەکانی فۆڕمی ڕاپێوییەکە، توێژەران، فۆڕمەکەیان بۆ (٣) پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن نارد لە پاشکۆی (١)دا خراوەتەڕو، دوای گەڕاندنەوەی فۆڕمەکان کار لەسەر تێبینییەکانیان کرا لەو برگانەی کە ڕازین یان ڕازی نین لەسەری، بەگۆڕین و لابردن، دواتریش ڕاستگۆیی بەهاوکێشەی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ئەنجامدرا، لە پاشکۆی (٢)دا خراوەتەڕو، کە (82%) دەرچو، کە ڕێژەیەکی گونجاوە.

**٩-دیاریکردنی چەمکەکان:**

-بەرکەوتن: مەبەست لێی سەیرکردن و بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانە بۆ بینینی هەواڵەکان.

-هەواڵ: هەر هەواڵێک کە لە پێگە ئەلکترۆنییەکاندا بڵاوبێتەوە.

-هەواڵی چەواشە: بریتییە لەزانیارییەکی ناڕاست یان درۆ کە بەمەبەستی چەواشەکاری بڵاوبکرێتەوە بۆ مەبەستی نانەوەی ئاژاوەو ناسەقامگیری.

-وەرگر: بریتییە لە مامۆستایانی زانکۆ بەتایبەت مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن و ئەوانەی کە بڕوانامەی باڵایان لە پسپۆڕی ڕاگەیاندندا هەیە.

-کاردانەوە: چۆنیەتی مامەڵەکردنی وەرگران لەگەڵ هەواڵی چەواشەی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان.

-پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان: مەبەست لە هەمو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانە، بۆیە ناوی پێگەی دیاریکراو نەهێنراوە.

**١٠-توێژینەوەکانی پێشو:**

١-توێژینەوەی علی (٢٠٢١): بەناونیشانی (نشر الاخبار الكاذبة عبر مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على التماسك المجتمعي من وجهة نظر أساتذة الجامعة)، واتا (بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا و کاریگەری لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە) لەلایەن عمر عياد علي، نوسراوە، لە بەشی ڕاگەیاندن کۆلێجی ئاداب زانکۆی ئەنبار، ئامانجی توێژەریش لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە بزانێت، تاچەند هەواڵی چەواشەی پێگە ئەلکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا میتودی وەسفی بەکارهاتوە ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتوە، توێژەر بۆ مشت مامۆستایانی زانکۆی وەرگرتوە کە ژمارەیان (١٠٠) مامۆستایە، لەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوە، بەڕادەی بەردەوام پێگەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکاردەهێنن، بەردەوام بەر هەواڵی چەواشە دەکەون، ململانێی سیاسی و تایەفەگەری لە هۆکارەکانی هەواڵی چەواشەن، لە نێو بابەتەکانیشدا بابەتی سیاسی زۆرترینە.

٢-توێژینەوەی سلێمان-محمد (٢٠٢١): بەناونیشانی (هەواڵی ساختە لەسۆشیاڵ میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستان)، لەلایەن توێژەران (کامیل عمر سلێمان و نەوزاد سدیق محمد نوسراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناسینی هەواڵی ساختەو چۆنێتی بەرەنگاربونەوەی و هەڕەشەکانی هەواڵی ساختە، میتودی وەسفی لەجۆری چاوپێکەوتنی ڤۆکەس گروپ بەکارهاتوە، مشتی توێژینەوەکە بریتیین لە (٥) کەس کە خاوەنی ئەزمونی کارکردنن لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەنجامەکانیش دەریدەخەن کە هەواڵی ساختە بۆتە دیاردەیەکی بڵاو، بۆمەرامی سیاسی و ئابوری و بۆزیادکردنی لایک و بینین بەکاردێت.

**بەشی دوەم: تیۆرینامە: پێگە ئەلکترۆنییەکان و هەواڵی چەواشە:**

**١-پاری یەکەم: پێگە ئەلکترۆنییەکان و تایبەتمەندییەکانی:**

ئەگەرچی پێناسەکان زۆرن بەڵام هەریەکەیان لەڕوانگەیەکەوە دەیناسێنێت، لەم پێناسەیەدا بەوەدێت کە، چەمکی میدیای نوێ "ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لە ڕاگەیاندن، کە پەیامی نوسراو یان وێنە یان ڤیدیۆ لە نێرەرەوە بۆ وەرگر لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەوەی پێی دەناسرێتەوە ئەوەیە کە هەموکەس دەتوانێت لەیەک کاتدا ببێتە نێرەر و وەرگر، هەرکەس دەبێتە بەرهەمهێن بۆ ناوەڕۆکی دیاریکراو " (بشير،٢٠١٤: ١٧).

لە هەندێک پێناسەدا وەک بەرنامە و پرۆگرام دەیناسێنن و پێیانوایە کە، لەڕێی ئینتەرنێتەوە کۆمەڵگە دروست دەبێت، پەیوەندی بەیەکترەوەدەکەن، "بەرنامەیەکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بەکاردێت، تاکەکان بۆ هۆکاری هەمەجۆر پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن" (ابراهيم،٢٠١٧ :٦٧).

فەرهەنگی لیستەر لەڕوی تەکنیکەوە دەیناسێنێت کە، "کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای گەیاندنە لەئەنجامی یەکگرتنی کۆمپیوتەرو ئامرازی کۆنی وەک چاپ و وێنە دەنگ و ڤیدیۆ لە دایکبوە" (الزلب،٢٠٢٢: ١٠).

لە پێناســـەیەکیتردا وەک جێبەجێکردن پێناســـەی بۆدەکرێت کە بریتییەلە : "پێگەwebsite یا جێبەجێکردنەکانە applications تایبەتە بەپێدانی توانای بەکاربەر بۆگەیاندن لەنێوانیاندا لەڕێی دانانی زانیاری و وێنە و نامە و کۆمێنت" (السويدي،٢٠١٤ :٢٠).

لەئەنجامی ئەو پێناسانەدا توێژەران بەوەدەیناسێنن کە بریتییە لە: دەستڕاگەیشتن بە جیهان بەهۆی بونی تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا جیهان گەیاندنی کۆمەڵایەتی لەنێوان مرۆڤەکاندا بەخۆوە بینی، و لەئاسمانی ئەلکترۆنی گریمانەییدا سنورەکانی تێپەڕاندو کەلتورەکانی تێکەڵکرد کە، لەناو خەڵکیدا پێیوترا (تۆڕی گەیاندنی کۆمەڵایەتی) کە بەخێرایی پەیام دەق و ڤیدیۆ دەگوازێتەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پایەی سەرەکی ڕاگەیاندنی نوێ یان جێگرەوەن کە گەیاندن بۆتاک و کۆمەڵەکان فەراهەم دەکات لەناو بۆشایی گریمانەییدا، ڕاگەیاندنی سەردەمی نوێیە، ڕێگایەکی نوێ و جێگرەوەیە بۆ ڕاگەیاندنی تەقلیدی، ئەم تۆڕانە وایان لە بەکارهێنەر کردوە بەشداری دۆسییەو وێنەو ئاڵوگۆڕی پارچە ڤیدیۆ بکەن و گفتوگۆی تیابکەن و پەیام بنێرن وەک فەیسبوک و تویتەرو یوتیوب، فەیسبوک بەکاردێت بۆ گواستنەوەی هەواڵ و کاتبەسەربردن و هێشتنەوەی هاوڕێیەتی (صبطي،2018: ٢٢)، لەگەڵ بڵاوبونەوەی تەکنیکی نوێی گەیاندن وبەکارهێنانی لە بواری ڕاگەیاندندا پیشەسازی پەیامسازی گۆڕانکاری بەسەرداهات، جا لەڕوی سروشتی بەشداربوان بێت یان ئامرازی گەیاندن بێت، لێرەدا جەماوەر ڕۆڵی سەرەکی لەکاری ڕاگەیاندندا دەبینێت، چونکە تەنها وەرگر نییە بەڵکو بەرهەمهێنە (الزلب، 2022: ٣١).

گرنگییەکانی ڕاگەیاندنی نوێ بریتییە لە (عبدالكافي،٢٠١٦ :٨٤):

١-بەجیهانیبون: مەبەست لێی تێپەڕاندنی سنورەکانە و تاک بەئاگایە لە هەواڵێک لەجێگایەکی دور ڕوبدات.

٢-بەردەستە بۆهەموان: هەموکەس دەتوانێت بەدەستیبهێنێت.

٣-ئاسانی بەکارهێنانی: بەکارهێنانی ئەوەندە قورس نییە و هەموکەس دەتوانێت بەکاریبهێنێت.

٤-دروستکردنی جیهانێکی گریمانەیی: میدیای نوێ جیهانێکی گریمانەیی بۆ تاک دروستدەکات.

٥-کۆکردنەوەی دەنگ و بینین: میدیای نوێ بەهۆی بونی تەکنەلۆژیاوە توانوێتی دەنگ و جوڵەو دەق پێکەوە کۆبکاتەوە.

٦-بەکارهێنەری لە وەرگرەوە گۆڕیوە بۆ بەرهەمهێن: بەسەرهەڵدانی میدیای نوێ ڕۆڵی نێرەرو وەرگر گۆڕانکاری بەسەرداهات، هەردوکیان نێرەرو وەرگرن.

٧-بەکاردێت بۆ ڕاگۆڕینەوە: لەڕێی بونی چەندین سەکۆ و نامەناردنەوە تاکەکان دەتوانن ڕایان بگۆڕنەوە.

٨-بەکاردێت بۆ هەواڵ و زانیاری وەرگرتن: ڕۆژانە بەرێژەیەکی زۆر هەواڵ و زانیاری پەخشدەکرێت و تاک بەرکەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەو هەواڵ و زانیارییانەدا.

**٢-پاری دوەم: ناسینی هەواڵی چەواشە:**

1-ناسینی هەواڵی چەواشە یان درۆ: لە فەرهەنگی کامبرجی ئینگلیزیدا بەوە پێناسەکراوە کە بریتییە لە: "چیرۆکی درۆیە لەشێوەی هەواڵدا، لە ئینتەرنێت یان لە ئامرازەکانیتردا بڵاودەبێتەوە، هەمیشە بۆ دانانی کاریگەرییە لەسەر ڕاوبۆچونی سیاسی یان گاڵتەجاری" (مكاوي، بێساڵ: ٢٤٣)، هەواڵی چەواشە یان درۆ "مەبەست لێی هەواڵی درۆیە کە جەماوەر چەواشە دەکات، بەتایبەت بە مەبەستی سیاسی بە بڵاوبونەوەیەکی زۆر لە ناو پێگە ئەلکترۆنییەکاندا" (علي،2024: 230).

یاخود بریتییە لە: "ئەوزانیارییانەیە کە، بەمەبەست دروستدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، بەئامانجی هەڵخەڵەتاندن و چەواشکاری خەڵک، تیایدا زانیاری هەڵە بە هەواڵ پێشکەشدەکرێت، یاخود ئەگەر هەیە بەهەواڵ دابنرێت بەپێچەوانەی زانیارییەکانیتر" (محمد، تومي، بودريالة، ٢٠٢٢: ١١٢).

لەکۆی ئەو پێناسانەدا، ڕای توێژەران بۆ هەواڵی چەواشە بریتییە لە: ئەو هەواڵانەن کە لەسەر بنەماو زانیاری ناڕاستن بۆ مەبەستێکی ئامانجدار بڵاودەکرێنەوە.

هەندێک پێیانوایە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا چەمکی ڕۆژنامەی زەرد بڵاو بۆتەوە، وەک ڕەنگدانەوەیەک بۆ هەواڵی چەواشە، کەلەسەر گەورەکردنی زانیارییەکان و هەوڵدان بۆ تێکدان بۆ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو یان لەدژی کەسانێک یان بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەم چەمکە مێژویەکی کۆنتری هەیە، نوسەرێکی ئەمەریکی لەساڵی ١٨٤٤ دا، لەوتارێکیدا باسی لە باڵۆنێکی گەورەکردوە بە زەریای ئەتلەسدا تێپەڕیوە و بۆتە جێی باوەڕی خەڵکێکی زۆر، بەڵام کاتێک ڕۆژنامەنوسان هیچ باڵۆنێکیان نەبینیوە هەواڵەکەیان سڕیوەتەوە (مكاوي، بێساڵ: ٢٤٧-٢٤٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زانیاری ناڕاست و هەواڵی درۆ، بەڵام وەک چەمکێکی نوێی بەکارهاتو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٦ بۆ کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ)ەوە بەکارهات، بەڵام وەک چەمکی هەواڵی چەواشە بۆیەکەمجار لەلایەن ڕۆژنامەنوسی کەنەدی (کریج سیلفرمان) لە تویتێکیدا ساڵی ٢٠١٤ بەکارهاتوە، کە هێرشی کردۆتەسەر هەواڵی درۆ، (درويش، ٢٠٢٢، ٣٢٦)، کەواتە هەواڵی چەواشە یان درۆ، بابەتێکی نوێ نییەو ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، بەڵام گرنگیپێدانی وایکردوە ببێتە باسێکی سەردەم و گرنگی پێبدرێت و توێژینەوەی لەسەربکرێت.

٢-جۆرەکانی هەواڵی چەواشە: (بلعيد، ٢٠٢١: ١٥):

-زانیاری هەڵە(Misinformation) لەنەزانینی ڕاستییەوەدێت، بەبێ مەبەست بڵاودەکرێتەوە.

-زانیاری چەواشە (Disinformation) بەمەبەستی زیانگەیاندن لەسەر کەسێک یان دەزگایەک یان کۆمەڵێک بڵاودەکرێتەوە.

٣-مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی چەواشە:

پسپۆڕی بواری ژمێرەیی (مايك كولفيلد) چوار هەنگاوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی چەواشە داناوە: (پێگەی بی بی سی عەربی، ٢٠٢٤):

1-وەستان لەبەکارهێنان.

2-لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە.

3-گەڕان بەدوای ڕوماڵێکی باش.

4-بەدوای ئەوهەواڵەوە بە کە لە سەرچاوەو سیاقی خۆیدایە.

4-ئامانجەکانی هەواڵی چەواشە: هەواڵی چەواشە پرۆسەیەکی ئامانجدارە بۆ ئەو لایانانەی پێی هەڵدەستن لە گرنگترین ئامانجەکان ئەمانەن (علي،٢٠٢٤: 231):

1-ئامانجی سیاسی بۆ مەبەستی گۆڕینی ڕایگشتی لەسەر دۆزە گەورەکان بەئامانجی نانەوەی پەشێوی ئاسایش.

2-خولقاندنی فیتنە و ڕق و کینە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ.

3-بۆ زۆرکردنی ڕێژەی سەردانیکەران و خوێندنەوەی هەواڵەکە.

4- نەبون و ناڕونی لە زانیاری وبەشداریکردن لە زۆربونی هەواڵی چەواشە.

5-بۆ ڕاکێشانی جەماوەر بەشداربن لە فرەیی بۆچون و بڵاوبونەوەی هەواڵی چەواشە.

٣-پاری سێیەم: هەواڵی چەواشە لە هەرێمی کوردستاندا:

هەواڵی ساختە یان هەواڵی چەواشە، کە لە سەرتاپای جیهاندا بڵاوە و کاری لەسەر دەکرێت، جا ئیتر بە ئامانجی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان هەر ئامانجێکیتر بێت، کوردستانیش بێبەش نییە لێی، ڕۆژانە لەو جۆرە هەواڵانە دەبینرێن و دەبیسترێن بەهەمو جۆرەکانییەوە، بەناز حەمەرشید مامۆستای زانکۆ پێی وایە کە، لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، زۆرجار ناونیشانی هەواڵێک سەرنجڕاکێشە وا لەخوێنەر دەکات هەواڵەکە بکاتەوە، بەڵام هەرخوێنەرێکیتر پێشتر کردوێتیەوە لەناوکۆمێنتەکاندا دەنوسێت مەیکەنەوە هیچی تێدانییە، یان لەکاتی بونی تەنگژەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک و دورخستنەوەیان لە بابەتە گرنگەکە بابەتێکیتر وروژێنراوە، بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنوسان پابەندبن بە ڕاستگۆیی و بێلایەنی و وردبینی و هاوسەنگی و بونی ئەمانەت و پەلەنەکردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ (حمەرشید، ٢٠٢٤)، ڕۆژنامەنوس

هەستیار قادر لە پۆدکاستی ڕوداو لەژێر ناونیشانی مێشی ئەلکترۆنی چییە و چۆن هەواڵی ساختە لە عێراق بەرهەمدێت دەڵێت: ساختە هەواڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە و خەریکە هەواڵی درۆ جێی هەواڵی ڕاست دەگرێتەوە و زیاتر بڕوابە هەواڵە ساختەکە دەکرێت، هەستیار باس لەنمونەی فڕۆکەکەی فرکەخانەی هەولێر دەکات وەک هەواڵی ساختە، گوایە ئەوفڕۆکەیە هی کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئیسرائیلە، بەڵام دوای بەدواداچون دەرکەوت فڕۆکەکە هی کۆمپانیای (فلای ئەربیلە) مەبەستیش لەو هەواڵانە بەلارێدابردنی ڕایگشتییە بۆ مەبەستێک. (پۆدکاستی ڕوداو، ٢٠٢٤).

## بەشی سێیەم: بەشی مەیدانی:

### ١- ڕەگەزی مشتی توێژینەوە:

بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت، ڕێژەی نێر لەڕێژەی مێ زیاترە(٥٤٪)یە، ئەمەش پەیوەندی بە وەڵامدانەوەی مشتی توێژینەوەکەوە هەیە، وەک لەخشتەی (١)دا دیارە.

خشتەی(١) ڕەگەزی مشتی توێژینەوە

| گۆڕاو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 54 | ٪54 |
| مێ | 46 | ٪46 |
| کۆی گشتی | 100 | ٪100 |

### ٢-بڕوانامەی مشتی توێژینەوە:

بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت کە، ڕێژەی بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و زۆر نزیکن لەیەکەوە، ئەمەش پەیوەندی بە وەڵامدانەوەی مشتی توێژینەوەکەوە هەیە، وەک لەخشتەی (٢)دا دیارە.

خشتەی(٢)بڕوانامەی مشتی توێژینەوە

| گۆڕاو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دکتۆرا | 49 | ٪49 |
| ماستەر | 48 | ٪48 |
| دبلۆمی باڵا | 3 | ٪3 |
| کۆ | 100 | ٪100 |

### ٣-بەرکەوتنی مشتی توێژینەوە بە پێگە ئەلکترۆنییەکان:

بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت کە، بەرکەوتنی مشت بە پێگە ئەلکترۆنییەکان زۆرە، لەبەرئەوەی ناوەندەژمێرەیی بەرێژەی(2,48)یە، ڕێژەی وەڵامی ڕەگەزی نێر زیاترە بۆ بەرکەوتنی پێگە ئەلکترۆنییەکان، لێرەدا دەردەکەوێت کە، بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان لەناو مامۆستایان و پسپۆڕانی ڕاگەیاندن زۆرە، لەئێستادا بونی تەلەفۆنی زیرەک و تەکنەلۆژیا وایکردوە خێراتر هەواڵەکان بەوەرگر بگات بۆ بەئاگابون لە ڕوداوەکان، ئەم ئەنجامە لە ئەنجامی توێژینەوەی علی دەچێت، بۆ بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان، وەک لەخشتەی (٣)دا دیارە.

خشتەی(٣) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ بەرکەوتن بە پێگە ئەلکترۆنییەکان

| بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان | | زۆر | تارادەیەک | کەم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 30 | 22 | 2 | 2,48 | 0,541 | %83 | زۆر |
| | مێ | 20 | 26 | 0 | | | | |
| بڕوانامە | دکتۆرا | 30 | 17 | 2 | | | | |
| | ماستەر | 19 | 20 | 0 | | | | |
| | دبلۆمی باڵا | 1 | 2 | 0 | | | | |

## ٤-باوەڕ بون بەو هەواڵانەی کە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاودەبنەوە:

بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت کە، وەڵامی مشت بۆ ڕەگەزو بڕوانامە ڕێژەکەی مام ناوەندە، ناوەندە ژمێرەیی بە ڕێژەی (2,01) یە، واتا مامۆستایان و پسپۆڕان تارادەیەک باوەڕو متمانەیان بە هەواڵی پێگە ئەلکترۆنییەکانە، ئەمەش بەئاگاییە لە هەواڵی چەواشە زانیاری زیاتر لەخشتەی (٤)دایە.

خشتەی (٤) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ باوەڕبون بە هەواڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان

| باوەڕبون بە هەواڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان | | زۆر باوەڕم پێیەتی | تارادەیەک باوەڕم پێیەتی | باوەڕم پێی نییە | کۆ | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | د | 2 | 51 | 1 | 58 | 2,01 | 0,333 | ٪67 | تارادەیەک |
| | ٪ | ٪2 | ٪51 | ٪1 | ٪58 | | | | |
| مێ | د | 3 | 38 | 5 | 46 | | | | |
| | ٪ | ٪3 | ٪38 | ٪5 | ٪46 | | | | |
| کۆ | د | | | | 100 | | | | |
| | | | | | | | | | |
| دکتۆرا | د | 1 | 46 | 2 | 49 | | | | |
| | ٪ | ٪1 | ٪46 | ٪2 | ٪49 | | | | |
| ماستەر | د | 4 | 40 | 4 | 48 | | | | |
| | ٪ | ٪4 | ٪40 | ٪4 | ٪48 | | | | |
| دبلۆم باڵا | د | 0 | 3 | 0 | 3 | | | | |
| | ٪ | ٪0 | ٪3 | ٪0 | ٪3 | | | | |
| | | | | | 100 | | | | |

## ٥- گرنگیدان بە بوارەکانی هەواڵ:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە، بۆ گرنگیدان بە بوارەکانی هەواڵ، دەردەکەوێت، بواری سیاسی جێی گرنگی پێدانی مشتە، بەتایبەت لای ڕەگەزی نێر ڕێژەکەی (57.5%)یە، بەڵام بواری کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی مێ زیاترە ڕێژەکەی (54.0%)یە، سەبارەت بە بڕوانامە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان بڕوانامەی دکتۆراو ماستەردا نییە، کە بۆ بواری سیاسییە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە، بەرکەوتن بە هەواڵی سیاسی زۆرەو جێی بایەخە لای مشتی توێژینەوە، وەک لەخشتەی (٥)دا دیارە.

خشتەی (٥) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ گرنگیدان بە بوارەکانی هەواڵ

| بوارەکان | | ڕەگەز | | | بڕوانامە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | دکتۆرا | ماستەر | دبلۆمی باڵا | کۆ |
| سیاسی | د | 50 | 37 | 87 | 43 | 42 | 2 | 87 |
| | ٪ | 57.5% | 42.5% | | 49.4% | 48.3% | 2.3% | |
| کۆمەڵایەتی | د | 29 | 34 | 63 | 33 | 30 | 0 | 63 |
| | ٪ | 46.0% | 54.0% | | 52.4% | 47.6% | 0.0% | |
| ئابوری | د | 28 | 35 | 63 | 36 | 26 | 1 | 63 |
| | ٪ | 44.4% | 55.6% | | 57.1% | 41.3% | 1.6% | |
| تەندروستی | د | 21 | 29 | 50 | 24 | 26 | 0 | 50 |
| | ٪ | 42.0% | 58.0% | | 48.0% | 52.0% | 0.0% | |
| وەرزشی | د | 15 | 7 | 22 | 11 | 9 | 2 | 22 |
| | ٪ | 68.2% | 31.8% | | 50.0% | 40.9% | 9.1% | |
| هونەری | د | 10 | 9 | 19 | 9 | 10 | 0 | 19 |
| | ٪ | 52.6% | 47.4% | | 47.4% | 52.6% | 0.0% | |
| ئەمنی | د | 20 | 11 | 31 | 15 | 16 | 0 | 31 |
| | ٪ | 64.5% | 35.5% | | 48.4% | 51.6% | 0.0% | |
| کۆی گشتی | | 54 | 46 | 100 | 49 | 48 | 3 | 100 |

### ٦- بونی هەواڵی چەواشە:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە، ڕەگەزی نێر زۆرترین ڕێژەی بۆ وەڵامی زۆرجار هەیە، کە پێیان وایە زۆرجار هەواڵی چەواشەیان لەپێگە ئەلکترۆنییەکاندا بینیوە، لەهەمانکاتدا هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا زۆرترین ڕێژەیە (46٪) یە، بەگشتی بونی هەواڵی چەواشە بەڕێژەی زۆر دەرچوە، لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی (2,91)یە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر هەواڵی چەواشە لەڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بڵاودەبێتەوە ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێت بۆ وەرگر، ئەم ئەنجامە لە ئەنجامی توێژینەوەی (علی) و (سلێمان و محمد) دەچێت، بە بڵاوبونەوەی هەواڵی چەواشە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٦)دایە.

خشتەی (٦) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ بونی هەواڵی چەواشە

| باوەڕبون بە هەواڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان | | زۆر جار | کەمجار | هەرگیز | کۆ | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | د | 49 | 5 | 0 | 54 | | | | |
| | ٪ | ٪49 | ٪5 | ٪0 | ٪54 | | | | |
| مێ | د | 42 | 4 | 0 | 46 | | | | |
| | ٪ | ٪42 | ٪4 | ٪0 | ٪46 | | | | |
| دکتۆرا | د | 46 | 3 | 0 | 49 | 2,91 | 0,288 | %97 | زۆرجار |
| | ٪ | ٪46 | ٪3 | ٪0 | ٪49 | | | | |
| ماستەر | د | 42 | 6 | 0 | 48 | | | | |
| | ٪ | ٪42 | ٪6 | ٪0 | ٪48 | | | | |
| دبلۆم باڵا | د | 3 | 0 | 0 | 3 | | | | |
| | ٪ | ٪3 | ٪0 | ٪0 | ٪3 | | | | |

### ٧-جۆرەکانی هەواڵی چەواشە:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە، زانیاری ناڕاست زۆرترین ڕێژەی هەیە (21.91) یە، بۆ گۆڕاوی ڕەگەز بۆ ڕەگەزی نێر، ڕێژەکەی (52.9%)یە، هەروەها بۆ بڕوانامەش بەهەمان شێوەیە، بۆ بڕوانامەی دکتۆراش زۆرترین ڕێژەیە(54.0%)یە، واتا لەکۆی (87) وەڵام بۆ زانیاری ناڕاست (47)وەڵامی پێیان وایە زانیاری ناڕاست زۆرە لەناو هەواڵی چەواشەدا، لەبەرئەوەی لەم پرسیارەدا هەوڵدراوە بە مشت کە لەهەڵبژاردەیەک زیاتر هەڵبژێرێت، بۆیە وەڵامەکان لە ڕێژەی بەشداربوان زیاترە، بونی ڕێژەیەکی زۆری زانیاری ناڕاست لەهەواڵەکاندا وەرگر لەناو لێشاوی زانیارییەکاندا توشی ون بون دەکات، و ناسەقامگیری لەکۆمەڵدا دروست دەکات، دوای ئەویش نەگونجاندنی ناونیشان لەگەڵ ناوەڕۆکدا دێت، بەڕێژەی (18.89)یە، واتا ناونیشانی هەواڵەکە وەک ناوەڕۆک نییە، ئەمەش سەرلێشێواندن بۆ خوێنەردروستدەکات، ئەمەوا لەخوێنەر دەکات وازلەو پێگانە بێنێت و چیتر متمانەی پێنەکات، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٧)دا دیارە.

خشتەی (٧) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ بونی جۆرەکانی هەواڵی چەواشە زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێردراوە

| جۆرەکانی هەواڵی چەواشە | | ڕەگەز: نێر | ڕەگەز: مێ | ڕەگەز: کۆ | بڕوانامە: دکتۆرا | بڕوانامە: ماستەر | بڕوانامە: دبلۆمی باڵا | بڕوانامە: کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری ناڕاست | د | 46 | 41 | 87 | 47 | 38 | 2 | 87 |
| | ٪ | 52.9% | 47.1% | 21.91 | 54.0% | 43.7% | 2.3% | 21.91 |
| دەستکاریکردنی وێنەو دەنگ و ڤیدیۆ | د | 20 | 18 | 38 | 18 | 19 | 1 | 38 |
| | ٪ | 52.6% | 47.4% | 9.57 | 47.4% | 50.0% | 2.6% | 9.57 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەگونجاندنی ناونیشان لەگەڵ ناوەڕۆکدا | د | 37 | 38 | 75 | 38 | 36 | 1 | 75 |
| | ٪ | 49.3% | 50.7% | 18.89 | 50.7% | 48.0% | 1.3% | 18.89 |
| وەرگرتنی هەندێک لێدوان بەمەبەست | د | 36 | 28 | 64 | 35 | 28 | 1 | 64 |
| | ٪ | 56.3% | 43.8% | 16.12 | 54.7% | 43.8% | 1.6% | 16.12 |
| زەقکردنەوەی بابەتی بچوک و بچوککردنەوەی بابەتی گەورە | د | 35 | 35 | 70 | 39 | 29 | 2 | 70 |
| | ٪ | 50.0% | 50.0% | 17.63 | 55.7% | 41.4% | 2.9% | 17.63 |
| دانانی ناونیشانی سەرنجڕاکێشی بێ زانیاری | د | 30 | 33 | 63 | 35 | 25 | 3 | 63 |
| | ٪ | 47.6% | 52.4% | 15.86 | 55.6% | 39.7% | 4.8% | 15.86 |
| کۆی گشتی | د | 54 | 46 | 100 | 49 | 48 | 3 | 100 |
| | | | | 397 | | | | 397 |

## ٨- جۆرەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کە، هەڵبژاردەی (هەموویان) زۆرترین ڕێژەی هەیە (47.47) یە، واتا مشتی توێژینەوە پێیانوایە کە، هەمو پێگەکان بە جیاوازی جۆری ئایدیاو باکگراوندی پاڵپشتکردنی بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە، هەر کاردانەوەیەکی نەرێنی بۆسەر تاک و تێکدانی سەقامگیری هەمویان بەشدارن تیایدا، هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا) لە جۆری پێگە ئەلکترۆنییەکاندا زۆرترین ڕێژەیان بۆ بونی هەواڵی چەواشە هێناوە کە ڕێژەکەی (59.6%) یە، دوای ئەویش هەڵبژاردەی سێبەر زۆرترینە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٨)دا دیارە.

خشتەی (٨) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ بونی جۆرەکانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان

| جۆرەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان | | ڕەگەز | | | بڕوانامە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | دکتۆرا | ماستەر | دبلۆمی باڵا | کۆ |
| حزبی | د | 7 | 12 | 19 | 9 | 9 | 1 | 19 |
| | ٪ | 36.8% | 63.2% | 118.19 | 47.4% | 47.4% | 5.3% | 118.19 |
| کەرتی تایبەت | د | 0 | 2 | 2 | 1 | 1 | 0 | 2 |
| | ٪ | 0.0% | 100.0% | 2.02 | 50.0% | 50.0% | 0.0% | 2.02 |
| سێبەر | د | 20 | 10 | 30 | 13 | 16 | 1 | 30 |
| | ٪ | 66.6% | 33.3% | 30.0 | 43.3% | 53.3% | 3.3% | 30.0 |
| کەسی | د | 2 | 0 | 2 | 0 | 2 | 0 | 2 |
| | ٪ | 100.0% | 0.0% | 2.02 | 0.0% | 100.0% | 0.0% | 2.02 |
| هەمویان | د | 24 | 23 | 47 | 28 | 18 | 1 | 47 |
| | ٪ | 51.1% | 48.9% | 47.47 | 59.6% | 38.3% | 2.1% | 47.47 |
| کۆی گشتی | د | 53 | 46 | 100 | 50 | 46 | 3 | 100 |

## ٩-بوارەکانی بونی هەواڵی چەواشە:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کە، هەڵبژاردەی بواری سیاسی زۆرترین ڕێژەی هێناوە (25.58)یە، دوای ئەویش کۆمەڵایەتیە ڕێژەکەی (18.86)یە، لێرەدا دەتوانین بڵێین هەواڵی چەواشە لەبواری سیاسیدا زۆرە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بونی ململانێی سیاسی، زیاتر لەوکاتانەدا کە بارودۆخی سیاسی نێوان حزبەکان ئاڵۆزتر توندتر دەبن تەنگژەی سیاسی دروستدەبێت هەواڵی چەواشەش زۆردەبێت، کە لەخشتەی دواتردا زۆرترین ڕێژەی هێناوە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٩)دایە، بۆ ئەم پرسیارە لە بژاردەیەک زیاتر خراوەتە بەردەست سامپڵ، بۆیە ڕێژەی وەڵامەکە لەڕێژەی سامپڵ زیاترە.

خشتەی (٩) بوارەکانی بونی هەواڵی چەواشە زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێردراوە

| بوارەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | 99 | 25.58 | یەک |
| کۆمەڵایەتی | 73 | 18.86 | دو |
| ئابوری | 63 | 16.26 | سێ |
| تەندروستی | 36 | 9.30 | شەش |
| ئاینی | 43 | 11.11 | چوار |
| وەرزشی | 11 | 2.84 | هەشت |
| ئامنی | 42 | 10.85 | پێنج |
| هونەری | 20 | 5.16 | حەوت |
| کۆ | 387 | 100 | |

### ١٠- کاتەکانی بونی هەواڵی چەواشە

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کە،هەڵبژاردەی تەنگژەی سیاسی زۆرترین ڕێژەی هێناوە، (18.14)یە، دوای ئەویش هەڵبژاردەی کاتی هەڵبژاردن ڕێژەکەی(15.82)یە، ئەمەش مانای وایە کە، لەکاتی بونی تەنگژەی سیاسیدا هەواڵی چەواشە زۆر بڵاو دەکرێتەوە، کاتێک تەنگژەی سیاسی دەخولقێت ململانێ لەنێوان حزبەکاندا ڕودەدات و کەشێکی ناسەقامگیر ڕودەدات، ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (علی)دا یەکدەگرێتەوە کە بونی سیاسی و تایەفەگەریدا هەواڵی چەواشە زۆرە، ئەم خشتەیە لەگەڵ خشتەی (٥) یەکدەگرێتەوە، کە مشتی توێژینەوە زۆرترین سەیری هەواڵی سیاسی دەکەن، دەتوانینی بڵێین بونی هەواڵی چەواشە لە هەواڵی سیاسیدا پشکی شێری بەردەکەوێت، دوای ئەویش لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دێت ڕێژەکەی (15.82) یە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ململانێکان توندتر دەبن و حزبەکان هەواڵی چەواشە لەسەر یەکدی بڵاودەکەنەوە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگ وشکاندنی بەرامبەر، لە نێوان ڕەگەز (نێر و مێ) و بڕوانامە (دکتۆرا، ماستەر، دبلۆمی باڵا)دا، جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە، لەم پرسیارەدا لەبەرئەوەی لەهەڵبژاردەیەک زیاتر دراوە بە مشتی توێژینەوەکە بۆیە ڕێژەی وەڵام زیاترە، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٠) دایە.

خشتەی (١٠) کاتەکانی بونی هەواڵی چەواشە بەپێی ڕەگەزو بڕوانامە زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێردراوە

| کاتی بونی هەواڵی چەواشە | | ڕەگەز | | | بڕوانامە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | دکتۆرا | ماستەر | دبلۆمی باڵا | کۆ |
| تەنگژەی سیاسی | د | 54 | 46 | 100 | 49 | 48 | 3 | 100 |
| | ٪ | 54.0% | 46.0% | 18.14 | 49.0% | 48.0% | 3.0% | 18.14 |
| تەنگژەی ئابوری | د | 30 | 37 | 67 | 36 | 30 | 1 | 67 |
| | ٪ | 44.8% | 55.2% | 12.15 | 53.7% | 44.8% | 1.5% | 12.15 |
| ڕوداوی کوشتن | د | 30 | 37 | 67 | 36 | 30 | 1 | 67 |
| | ٪ | 44.8% | 55.2% | 12.15 | 53.7% | 44.8% | 1.5% | 12.15 |
| کێشەی کۆمەڵایەتی | د | 24 | 30 | 54 | 31 | 22 | 1 | 54 |
| | ٪ | 44.4% | 55.6% | 9.80 | 57.4% | 40.7% | 1.9% | 9.80 |
| ڕوداوەکان | د | 15 | 20 | 35 | 23 | 12 | 0 | 35 |
| | ٪ | 42.9% | 57.1% | 6.35 | 65.7% | 34.3% | 0.0% | 6.35 |
| هەڵمەتی هەڵبژاردن | د | 45 | 40 | 85 | 43 | 40 | 2 | 85 |
| | ٪ | 52.9% | 47.1% | 15.82 | 50.6% | 47.1% | 2.4% | 15.82 |
| کاتی جەنگ | د | 20 | 25 | 45 | 27 | 18 | 0 | 45 |
| | ٪ | 44.4% | 55.6% | 8.16 | 60.0% | 40.0% | 0.0% | 8.16 |
| دەستگیرکردنی کەسایەتییە دیارەکان | د | 19 | 26 | 45 | 27 | 17 | 1 | 45 |
| | ٪ | 42.2% | 57.8% | 8.16 | 60.0% | 37.8% | 2.2% | 8.16 |
| ڕوداوی سروشتی | د | 5 | 17 | 22 | 14 | 8 | 0 | 22 |
| | ٪ | 22.7% | 77.3% | 3.99 | 63.6% | 36.4% | 0.0% | 3.99 |
| کێشە خزمەتگوزارییەکان | د | 14 | 17 | 31 | 17 | 13 | 1 | 31 |
| | ٪ | 45.2% | 54.8% | 5.62 | 54.8% | 41.9% | 3.2% | |
| کۆی گشتی | د | 54 | 46 | 551 | 49 | 48 | 3 | 551 |

## ١١- هۆکارەکانی بونی هەواڵی چەواشە

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کە، هەڵبژاردەی لایککردن و بینینی زۆری بەکارهێنەر ڕێژەکەی (14.21)یە، دوای ئەویش بۆ دورخستنەوەی چاوی هاووڵاتییەت لەسەر بابەتە سەرەکییەکان ڕێژەکەی (10.65) یە، ئەم ئەنجامە لەتوێژینەوەی (سلێمان و محمد) دەچێت، ئەمەش مانای وایە کە، ئەو هەواڵانەی چەواشەن زۆرترین بینینی هەیەو زۆرترین سەردانیکەری هەیە، مانای وایە خەڵک زیاتر حەزی بەهەواڵی سەرنجڕاکێشە و هەمیشەش هەواڵی چەواشە بە جۆری سەرنجڕاکێش دادەڕێژرێت بۆیە زۆرتر دەبینرێت، دوای ئەویش هەڵبژاردەی دورخستنەوەی چاوی هاووڵاتییە لەسەر بابەتەسەرەکییەکان، واتا ڕاگەیاندنەکان بۆئەوەی خەڵک لەبابەتی گرنگی ڕۆژ دوربخەنەوە

بابەتێکیتر دەوروژێنن و بەمەش خەڵکی پێ چەواشەدەکەن، لەم پرسیارەدا لەبەرئەوەی لەهەڵبژاردەیەک زیاتر دراوە بە مشتی توێژینەوەکە بۆیە ڕێژەی وەڵام زیاترە، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١١)دایە.

خشتەی (١١) هۆکارەکانی بونی هەواڵی چەواشە زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێردراوە

| هۆکارەکانی بونی هەواڵی چەواشە | | ڕەگەز | | | بروانامە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | دکتۆرا | ماستەر | دبلۆمی باڵا | کۆ |
| نەزانینی ڕاستی لەسەرچاوەی هەواڵەکە | د | 23 | 31 | 54 | 28 | 25 | 1 | 54 |
| | ٪ | 42.6% | 57.4% | 9.13 | 51.9% | 46.3% | 1.9% | 9.13 |
| لاوازیی پەیوەندیی نێوان دەسەلات و هاولاتی | د | 15 | 22 | 37 | 20 | 16 | 1 | 37 |
| | ٪ | 40.5% | 59.5% | 6.26 | 54.1% | 43.2% | 2.7% | 6.26 |
| بۆ قازانجی مادییە | د | 17 | 23 | 40 | 20 | 19 | 1 | 40 |
| | ٪ | 42.5% | 57.5% | 6.76 | 50.0% | 47.5% | 2.5% | 6.76 |
| بۆ لایک و بینی زۆرە | د | 43 | 41 | 84 | 42 | 40 | 2 | 84 |
| | ٪ | 51.2% | 48.8% | 14.21 | 50.0% | 47.6% | 2.4% | 14.21 |
| بۆ دورخستنەوەی چاوی هاووڵاتی لەسەر بابەتەسەرەکییەکان | د | 31 | 32 | 63 | 31 | 32 | 0 | 63 |
| | ٪ | 49.2% | 50.8% | 10.65 | 49.2% | 50.8% | 0.0% | 10.65 |
| بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق وکینە | د | 20 | 22 | 42 | 22 | 19 | 1 | 42 |
| | ٪ | 47.6% | 52.4% | 7.10 | 52.4% | 45.2% | 2.4% | 7.10 |
| بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندرەوی وتیرۆر | د | 6 | 15 | 21 | 13 | 8 | 0 | 21 |
| | ٪ | 28.6% | 71.4% | 3.55 | 61.9% | 38.1% | 0.0% | 3.55 |
| بۆهاندانی توندوتیژی | د | 6 | 12 | 18 | 12 | 6 | 0 | 18 |
| | ٪ | 33.3% | 66.7% | 3.04 | 66.7% | 33.3% | 0.0% | 3.04 |
| بۆ ترس و تۆقاندن و تێکدانی کۆمەڵگە | د | 9 | 23 | 32 | 17 | 15 | 0 | 32 |
| | ٪ | 28.1% | 71.9% | 5.41 | 53.1% | 46.9% | 0.0% | 5.41 |
| بۆ ناشرینکردنی کەسایەتی | د | 33 | 30 | 63 | 37 | 26 | 0 | 63 |
| | ٪ | 52.4% | 47.6% | 10.65 | 58.7% | 41.3% | 0.0% | 10.65 |
| نارونی لەسەر هەندێ بابەت | د | 10 | 14 | 24 | 14 | 10 | 0 | 24 |
| | ٪ | 41.7% | 58.3% | 4.06 | 58.3% | 41.7% | 0.0% | 4.06 |
| زۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ململانێی نێوانیان | د | 23 | 30 | 53 | 25 | 27 | 1 | 53 |
| | ٪ | 43.4% | 56.6% | 8.96 | 47.2% | 50.9% | 1.9% | 8.96 |
| ململانێی نێوان حزبەکان | د | 32 | 28 | 60 | 28 | 30 | 2 | 60 |
| | ٪ | 53.3% | 46.7% | 10.15 | 46.7% | 50.0% | 3.3% | 10.15 |
| کۆی گشتی | | 54 | 46 | 591 | 49 | 48 | 3 | 591 |

١٢- وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ بەدواداچون بۆ هەواڵی چەواشە:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان هەردو هەڵبژاردەی (خێرا باوەڕ دەکەم)، و (خێرا باوەڕ ناکەم چاوەڕێ دەکەم) دا نییە، بەڵام هەڵبژاردەی خێرا باوەڕناکەم و چاوەڕێدەکەم زۆرترین ڕێژەی هەیە (خێرا باوەڕناکەم و چاوەڕێدەکەم) (29.53)یە، ئەوەی جێی نیگەرانییە کاتێک کە هەواڵ بڵاو دەبێتەوە وەرگر خێرا باوەڕ بەو هەواڵە دەکات و ئەوە بەڕاست دادەنێت چونکە لەوکاتەدا بینەر پێویستی بەزانینە لەسەر بابەتەکە، چونکە دواتر باوەڕکردن بە زانیارییە ڕاستەکە قورسە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (١٢) دایە، بۆ ئەم پرسیارە توێژەران لە بژاردەیەک زیاتریان خستۆتە بەردەست مشتی توێژینەوەکە بۆیە ڕێژەی وەڵام لە ڕێژەی سامپڵ زیاترە.

خشتەی (١٢) وەڵامی مشتی توێژینەوە بۆ بەدواداچون بۆ هەواڵی چەواشە زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێردراوە

| برگەکان | ژم | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| خێرا باوەڕدەکەم | 40 | ٪26.84 | دو |
| دەینێرم بۆ خەڵکانیترو بڵاوی دەکەمەوە | 2 | ٪1.34 | پێنج |
| گومانم هەبێت پشتگوێی دەخەم | 31 | ٪20.80 | چوار |
| بەنوسینی کۆمێنت بەدرۆی دەخەمەوە | 0 | 0 | ٠ |
| سەیری دەزگا ڕاگەیاندنەکانیتر دەکەم تا بزانم چۆن بڵاویانکردۆتەوە | 22 | ٪14.76 | سێ |
| خێرا باوەڕناکەم و چاوەڕێدەکەم | 44 | ٪29.53 | یەک |
| کۆ | 149 | 100 | |

### ١٣-کاردانەوە بۆ هەواڵی چەواشە:

بەپێی وەڵامەکانی مشتی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە، زۆرترین ڕێژەی وەڵامی مشتی توێژینەوەکە پێیان وایە، هەواڵی چەواشە یارمەتی دروستبونی تەنگژە دەدات و ئاڵۆزی دەکات، ناوەندە ژمێرەکەی (2,96)یە، دوای ئەویش هەڵبژاردەی هەواڵی چەواشە هانی تێکدانی سەقامگیری کۆمەڵگە دەدات دێت ناوەندە ژمێرەکەی (2,83)یە، بەڵام کەمترین ڕێژە بۆ هەڵبژاردەی نەبونی زانیاری تەواو ناچارم دەکات بروا بە هەواڵی چەواشە بکەم بۆ (لەگەڵیانیم)ە، کەناوەندە ژمێرەکەی (1,76) یە، واتا مامۆستایان و پسپۆڕان لە حاڵەتی نەبونی زانیاری تەواودا بڕوا بە هەواڵی چەواشە ناکەن، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بونی هۆشیاری خوێندنەوە بۆ هەواڵەکان و شیکردنەوەیان و قاڵبونەوەیان لەناو پسپۆڕییەکەدا، بەگشتی لەکۆی وەڵامەکاندا و کاردانەوەی مشتی توێژینەوە بۆ برگەکان بۆمان دەردەکەوێت کە، هەواڵی چەواشە کاریگەری لەسەر تێکدانی سەقامگیری هەیە، واڵە وەرگر دەکات متمانە بە هەواڵەکان نەکات کە ئەمە ڕۆڵبینینێکی نەرێنی ڕاگەیاندنە بەرامبەر بە وەرگر و دواتریش واڵەتاک دەکات هاوبەشی ئەو پێگانە بسڕێتەوە و چیتر موتابەعەیان نەکات، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٣) دایە.

خشتەی (١٣) کاردانەوە بۆ هەواڵی چەواشە

| بڕگەکان | لەگەڵیدام | نازانم | لەگەڵیدا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەواڵی چەواشـــە یارمەتی دروســـتبونی تەنگژە دەدات و ئاڵۆزی دەکات. | 96 | 4 | 0 | 2,96 | 0,197 | ٪۹۹ | لەگەڵیدام |
| هەواڵی چەواشـــە هـانی تـێـکـدانی سەقامگیری کۆمەڵگە دەدات. | 89 | 5 | 6 | 2,83 | 0,514 | ٪۹۹ | لەگەڵیدام |
| نەبونی زانیاری تەواوی ورد ناچارم دەکات بروا بە هەواڵی چەواشە بکەم. | 31 | 14 | 55 | 1,76 | 0,900 | ٪۹٤ | ناوەند |
| گـرنـگـیی ڕوداوەکە یـارمەتـیـدەرمە بـۆ بــرواکــردن بە هەر هەواڵــێــک کە بڵاودەبێتەوە. | 41 | 26 | 33 | 2,08 | 0,861 | ٪٥۹ | ناوەند |
| بەرکەوتـــنـم بە هەواڵی چەواشـــە واملـێـدەکات فـۆڵـۆ و لایـکـکـردنی پەیجەکەی لەسۆشیال میدیا بسڕمەوە. | 72 | 16 | 12 | 2,60 | 0,696 | ٪٦۹ | لەگەڵیدام |
| هەواڵی چەواشـە واملێدەکات بەئاسـانی باوەڕ بە هەواڵی ڕاست نەکەم. | 64 | 15 | 21 | 2,43 | 0,820 | ٪۸۷ | لەگەڵیدام |
| لەکاتی بونی هەر ڕوداوێکدا هەر هەواڵێک گەرمـاوگەرم بڵاودەکرێتەوە دەبێتە جێی باوەڕم. | 32 | 17 | 51 | 1,81 | 0,895 | ٪۸۱ | ناوەند |
| بەرکەوتنم بە هەواڵی چەواشـــە لە پێگە ئەلکترۆنییەکـانـدا واملێـدەکـات کە ئیتر مـتـمـانە بەڕاگەیـانـدنی کـوردی نەکەم لەهەرێمی کوردستاندا. | 49 | 25 | 26 | 2,23 | 0,839 | ٪٦۰ | ناوەند |
| کۆی تێکڕا | | | | 2,33 | 0,715 | ٪۸۱ | لەگەڵیدام |

**ئەنجام:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەران بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتن:

۱-بەگشتی دەردەکەوێت کە، ڕێژەیەکی زۆر هەواڵی چەواشە لە ناو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا بڵاودەکرێتەوە، بێگومان ئەو هەواڵانە، لەڕێ پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە دەبینرێن و دەبیسترێن، دواجاریش کاریگەری دەبێت لەسەر وەرگر و دەبێتەهۆی بێمتمانەیی بەو پێگە ئەلکترۆنیانە.

٢-هەواڵی چەواشە جۆری زۆرە و پێگە ئەلکترۆنییەکان شێوازی جیاواز دەگرنەبەر، لەم توێژینەوەیەشدا دەرکەوتوە کە، زۆربونی بینین و لایککردنی پێگەکان، هەروەها دورخستنەوەی چاوی وەرگر لەسەر بابەتی سەرەکی ڕۆژ لەو هۆکارانەن، لەجۆرەکانیشی نەگونجاندنی ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕکی بابەتەکەدا.

٣-کاتی بونی تەنگژەی سیاسی و هەڵمەتی هەڵبژاردندا هەواڵی چەواشە زۆرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە، لەوکاتانەدا ململانێکان زیاتر تۆخ دەبنەوەو بارودۆخی سیاسی نێوان لایەنەکان توندتر دەبن و هەواڵی چەواشەو درۆش زۆردەبێت، وەرگریش بەرکەوتنی لەگەڵیدا دەبێت.

٤-بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە لە ناو پێگە ئەلکترۆنیە کوردییەکاندا، دەبێتە هۆی دروستبونی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری کۆمەڵگە، ئەمەش کاردانەوەی دەبێت و ئەو پێگانە لای وەرگر متمانە لە دەستدەدەن و وەرگر پشتیان پێنابەستێت.

٥-بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت کە، لەناو بڵاوبونەوەی لێشاوی هەواڵەکاندا، هەواڵی ناڕاست زۆرە کە زیاتر بەهۆی ململانێی حزبی و دروستکردنی ئاڵۆزییەوەیە، بۆیە پێویستە وەرگر لەناو ئەو هەمو زانیارییەدا بەئاگابێت چۆن زانیاری ڕاست وناڕاست لەیەکتر جیابکاتەوەو نەکەوێتە داوی پێگەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە، بەپێی ئەم توێژینەوەیە پسپۆڕان و مامۆستایانی بواری ڕاگەیاندنیش خێرا باوەڕدەکەن بەوهەواڵانە دەکەن.

٦-سەبارەت بە کاردانەوەکانیش، بەگشتی هەواڵی چەواشە ددەبێتە هۆکاری دروستبونی ئاڵزی و ناسەقامگیری، لە نەبونی زانیاری ورددا وەرگر باوەڕ بە هەواڵی چەواشەدەکات، بەتایبەت ئەگەر هەواڵەکە گەرموگوڕبێت، بۆیە پێویستە وەرگر بەئاگابێت لە ڕاستی ڕوداوەکە.

پێشنیارەکان:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەکی هەیە:

١-پێشنیار بۆتوێژەرانی تر ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەواڵەکان و شیکاریکردن بۆ زانینی هەواڵی چەواشە.

٢- پێشنیار بۆتوێژەرانی تر ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر توێژەکانیتر و کاریگەربونیان بە هەواڵی چەواشە.

ڕاسپاردەکان:

١-پێویستە دەزگاکان پابەند بن بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی بۆ نەهێشتنی هەواڵی چەواشە.

٢-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵەکاندا، تا نەکەونە ژێر کاریگەری هەواڵی چەواشە.

٣-بونی چاودێری و لێپرسینەوە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بۆ نەهێشتنی هەواڵی چەواشە.

**سەرچاوەکان:**


ئیبراهیم، على حجازي، (٢٠١٧)، التكامل بين الاعلام التقليدي والجديد،دار المعتز للنشر، الأردن-عمان

استيتية، دلال ملحس، عمر موسى سرحان (٢٠١٢) مشكلات الاجتماعية،،دار وائل للنشر، عمان

بشير، حمدي،٢٠١٤، ظاهرة الاعلام الاجتماعي و الابعادها الاقتصادية والأمنية والسياسية في العالم العربي، عمان-الاردن، آمواج للنشر

التميمي، مهند حميد،(٢٠١٧) التلفزيون و شبكات التواصل الاجتماعي صراع ام تكامل، امجد للنشر، عمان

الزلب، عبدالله علي (٢٠٢٢)، مدخل الي الاعلام الجديد، بدون دار النشر

السويدي، جمال سند (٢٠١٤) وسائل التواصل الاجتماعي و دورها في التحولات المستقبلية من القبيلة الى الفيسبوك، بێ شوێنی چاپ و بڵاوکردنەوە.

صبطي، عبيدة (٢٠١٨)الاعلام الجديد والمجتمع، المركز العربي للنشر، مصر.

عبدالفتاح، ت:عاصم سيد، (٢٠١٧)،وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيرها على المجتمع، المجموعة العربية للنشر، القاهرة

عبدالكافي، اسماعيل عبدالفناح (٢٠١٦) شبكات التواصل والانترنيت والتاثير على الامن القومي والاجتماعي، مكتب العربي للمعارف، القاهرة

العيساوي، علي لفته، (٢٠٢١) الفيسبوك الوطن البديل للشباب، المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، العراق

عطية،خالد (٢٠٢١) الأخبار الزائفة والتضليل..وجهان لعملة واحدة.

مبيضين، صفوان (بدون سنة) العنف المجتمعي، اليازوري للنشر.

نهى،بلعيد (٢٠٢١) دليل التحقيق من المعلومات، كيف نتحقق من المعلومات في عصر الاخبار الزائفة؟، إصدارات الجمعية التونسيةالحكومة الالكترونية، تونس.

مكاوي، ممدوح عبدالله (٢٠٢٠) الأخبار الزائفة Fake News بين الإعلام التقليدي والرقمي: دراسة نقدية تحليلية لعينة من البحوث في النترة من (٢٠١٦-٢٠٢٠) توێژینەوەی بڵاوکراوە لە المجلة المصرية لبحوث الرأي العام، 291-237:(2)19، بەرواری سەردانیکردن

https:||www.researchgate.net|publication|362780701-alakhbar-alzayft

https:||joa.journals.ekb.eg|issue_19069_21351.htm|

علي،عمر عياد (٢٠٢١) توێژینەوەی بڵاو کراوە بەناونیشانی (نشر الاخبار الكاذبة عبر مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على التماسك المجتمعي من وجهة نظر أساتذة الجامعة، مجلة آداب الفراهيدي\ المجلد (١٥) العدد (٥٣) آذار٢٠٢٣\ القسم الاول الصفحات (٢٢٦-٢٤٤)، ٥\٣\٢٠٢٣بڵاوکراوەتەوە،وەرگیراوە ١٦\٥\٢٠٢٤ www.researchgate.net.

سلێمان، کامیل عمر-محمد، نەوزاد سدیق (٢٠٢١) توێژینەوەی بڵاوکراوە بەناونیشانی (هەواڵی ساختە لەسۆشیاڵ میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستان، لەگۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

http:\doi.org\10.26750\Vol(8).No(3. Fake News in Social Kurdish Media in Kurdistan Region

محمد، صالي، تومي، فضيلة، بودريانة، عبدالقادر، ٢٠٢٢، ضرورة تبني نهج محو الامية الاعلامية في ظل الاخبار الكاذبة بين الضرورة والحتمية، بحث منشور في مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية، ISSN : 2170-1121 – 14 (02) | 2022

- درويش، أميرة سمير طه، ٢٠٢٢، الاخبار الزائفة عبر وسائل التواصل الاجتماعي و تأثيري الاخرين، بحث منشور في المجلة المصرية لبحوث الاعلام – العدد ٨١ (الجزء الثاني) أكتوبر | ديسمبر- ٢٠٢٢.

https||ejsc,journals.ekb.eg|article_281703.htm|

www.bbc.com بەرواری سەردانیکردن ١٤\٥\٢٠٢٤

-حمەرشید، بەناز، ٢٠٢٤، سایتی شارپریس، بەرواری سەردانیکردن ١٨\١١\٢٠٢٤

بۆچی دەبێت بەرەنگاری هەواڵی چەواشە ببینەوە؟(sharpress.net)

-قادر، هەستیار، ٢٠٢٤، پۆدکاستی دیجیتال میدیای دەزگای میدیایی ڕوداو، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٤\١١\١٨

- Rudaw Podcast مێشی ئەلیکترۆنی چییە و چۆن هەواڵی ساختە لە عێراق بەرهەمدەهێنرێت؟

**پاشکۆ (١) :**

* پ..د.یەحیا عمر ریشاوی، بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

پ.ی.د.کاروان علی، ڕاگەیاندن، بەشی بازارگەری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

پ.ی.م. هەردەوان مەحمود بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین

**پاشکۆی (٢)**

کۆی برگەکانی پسپۆڕان هاورابون لەسەری

پلەی ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی= ...................................................... ×١٠٠

کۆی برگەکان × ژمارەی پسپۆڕان

**٤٩**

= ............ ×١٠٠ = ٪ ٨٢. ٦٦ = ٨٢

٣× ٢٠